نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی نوێی ئەڵمانیا پەیوەندییەکانی هەولێر و بەرلین دووپات دەکەنەوە

پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2017/9/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز کیرت ستۆکڵ ستیلفێرد کونسوڵی نوێی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێز ستیلفێرد خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە وەک کونسوڵی نوێی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان دەستی بەکارکردووە و سوپاسی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی تا ئێستا لە بواری جیاوازەکاندا پێشکەشی کونسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە هەولێر کردووە و هیوای بەردەوامیی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی لە داهاتوودا خواست.

ئاماژەی بەوەش دا کە ئەڵمانیا گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات و بەردەوامی و تۆکمەکردنی زیاتری پەیوەندییەکانیشی دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز کونسوڵی نوێی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کار و ئەرکە نوێکەیدا، هەروەها سوپاسی هاوکارییە سەربازی و مرۆییەکانی ئەڵمانیای کرد بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لە بواری مەشق و ڕاهێنانی سەربازیدا و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەولێر و بەرلینیشی دووپات کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێزیان باسی ئەوە نەهامەتیانەی کرد کە لە چوارچێوەی عێراقدا بەسەر گەلی کورد دا هاتوون و دووپاتی کردەوە کە ڕیفراندۆم ئامرازێکە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پەیوەندی خۆی لە ئێستا و داهاتوودا لەگەڵ بەغدا دیاری بکات و ببێتە ڕێگرێک لە دووبارەبوونەوەی ئەو نەهامەتیانە. جەختیشی کردەوە کە هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەیە دیالۆگێکی جددی لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکان هەبێت و لەمبارەیەشەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێویست زانی.

کوردینە هەڵە، جیهان گوێی لێمانە

ڕزگار نوری شاوەیس

پاش دەیان ساڵ قەڵاچۆکردن و سەرکوتکردنمان بە ئاگر و ئاسن، بە ناپالم و بۆمبی فۆسفۆر، بە (منع التجول)و قەدەغەکردن، بە کیمیایی و ئەنفال، بە بەعس و داعش بە ئاتەبایی نێوان ڕیزەکانمان.. پاش دەیان ساڵ کپکردنی دەنگمان و قەدەغەکردنی هاوار و سکاڵاکانمان..

سەدەیەکی لە پڕ مەینەت و ئازاری لە حەد بەدەر تێپەڕی و کەسێک نەبوو ئامادە بێت بە جیدی گوێمان لێ بگرێت، لێمان تێبگات و هەست بە ئازارەکانمان و مەترسیی لەناوچوونمان بکات..

بەڵام کۆڵمان هەر نەدا، هەر لەو ڕۆژەوە کە خاک و ئاو و بوونمان لەت لەتکرا و دابەش کراین، چەکی ڕەوای بەرگریمان کردە شان و بێ کەس و بێ هاوڕێ بەدەم زام و ژانە گەورەکان ڕێی خەباتمان گرتەبەر و نەمانهێشت نەفەسی بەرخودان و تێکۆشان بپسێت، شۆڕشمان بە شۆڕشەوە گرێدا و تا گەیشتینە ڕاپەڕینی مەزن و کۆڕەوی ملیۆنیی گەلی کوردستان، ئالآو چرای دیموکراتییەتمان لە ناوچەیەکی تاریکوتنەکدا هەڵکرد و بووینە هێزێکی کاریگەری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاریکی پەرستان..

بەڵێ، بە سەهەندی و ئیرادەی گەل و قوربانییەکانی سەدەیەک زەمان، چاو و گوێی جیهان لە ئاستمان کرانەوە..

کوردینە:

ئەمڕۆ لە دوڕیانی مان و نەمان داین، یا ئەوەتا ئامانجی ئەو هەموو خەبات و قوربانییە دەهێنینە دی، یان ئەوەتا نە تەنها سەد ساڵ بەڵکو هەزار ساڵ دەگەڕێینەوە پاش..

کوردینە:

ئەمڕۆ هەڵە و بۆمان ڕەخساوە، زۆلهێزان گوێیان لێمانە و هەست بەو زوڵمە دەکەن (کە لە بەشێکی گەورەی بەرپرسن)..

بەڵێ گوێیان لێمانە و چاوەڕێن بزانن ڕۆژی 25ی ئەیلوول چیبان پێ دەڵێین..

دەسا با بەیەک دەنگ هاوار بکەین بە گوێیاندا و پێکەوە بڵێین:

– بەڵێ ئێمەی خاوەن سەدەیەک ئازار و مەینەت، سەدەیەک ساڵ ئەسارەت و گەمارۆدان، ئێمەی کورد

هاوار دەکەین "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی کوردستان..

ڕاگەیاندنکار و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی سعوودی: زۆرینەی عەرەب لە دەرەوەی عێراق هاوسۆزی خواستی سەربەخۆیی کوردستانن

ڕاگەیاندنکار و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی سعوودی ڕایگەیاند، زۆرینەی عەرەب لە دەرەوەی عێراق، لەگەڵ خواستی سەربەخۆیی کوردستان هاوسۆزن و مسعود بارزانیش کاریگەری لەسەر زیادکردنی ئەو هاوسۆزییە هەبووە. عەبدولڕەحمان ڕاشد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت و بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی کەناڵی (ئەلعەرەبییە)، لە وتارێکیدا کە بە ناونیشانی (سڵەمینەوە لە سەربەخۆیی کوردستان) لە ڕۆژنامەی (ئەلشەرقولئەوسەت) بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە: ئەو دڵنیایە کە زۆربەی عەرەب، لە دەرەوەی عێراق، لەگەڵ ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ خۆیان، هاوسۆزن.

تەئکیدیشی لەوە کردووەتەوە کە بەڕێز مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانیدا، ئەو هاوسۆزییەی زیاتر کردووە کە ''بەردەوام گوزارشت لە تێڕوانینی مرۆڤی کورد و خواستەکەی بۆ سەربەخۆیی دەکات کە لە شەستەکانەوە لە پێناویدا دەجەنگێت.''

ڕاشد ئەوە ناشارێتەوە کە وەک خۆی، هاوشێوەی زۆربەی عەرەب، پێیوایە کە مافی کوردانی عێراقە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. دەڵێت لە لایەنی سیاسیی عەقڵانیش وای دەبینێت کە هەر دەبێت ئەو خواستە پێش دامەزراندنی دەوڵەتەکە، چەند مەرجێک لەخۆی بگرێت.

ڕوونیشی کردووەتەوە کە ئامادەکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەت بە تەنیا بەس نییە، بەڵکوو دەبێت خودی دەوڵەتی عێراقیش ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بەبێ هەرێمی کوردستان بژیت و تووشی داڕمان و جەنگ نەبێت.

فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی زێرەڤانی: ئەوەی هەڕەشە لە کوردستان بکات چارەنووسی لە داعش باشتر نابێت

فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی زێرەڤانی، لیوا عەزیز وەیسی لە لێدوانێکدا لەبارەی بوونی هەڕەشەی سەربازیی لە لایەن گرووپەکانی ناوخۆی عێراق بە تایبەت لەسەر کوردستان و پڕۆسەی ڕاپرسی کە بڕیارە لە 25ی ئەم مانگە ئەنجامبدرێت ڕایگەیاند: کوردستانییان شەڕ ناخوازن، دەیانەوێت بە ڕێگەیەکی زۆر شارستانی و دیموکراسی مافی خۆمان بەدەست بهێنین، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر کوردستان، بێ گومان پێشمەرگەی کوردستان دەستی دەبڕێت. لەبارەی ڕووداوەکانی مەندەلییەوە کە گرووپێکی چەکداری حەشدی شەعبی بەزەبری چەک دوو بەرپرسی کوردییان لەو ناحیەی پارێزگای دیالە لەسەر کار دوورخستەوە و ئالای کوردستانیان لەسەر بالەخانەی ئەنجوومەنی ناحییەکە داگرت، عەزیز وەیسی گوتی: ئێمە زۆر دڵگرانین لەو ڕووداوانە، ئومێد دەخوازین زۆر تەشەنە نەکات، داواکارییە ئێمە ئەوەیە ئەو لایەنانە بەخۆیاندا بچنەوە، ئێمە تا ئێستا لە دەوڵەتێکداین هیچ خێرمان لێ نەبینیوە، لەسەر ئێمە سەپێنراوە لەگەڵ عێراق بین، ئەمڕۆ ئێمە دەخوازین بە ڕێگەیەکی دیموکراسی لەیەکتر جیابینەوە و ببینە دوو دراوسێی باش، ئەوە مافێکی سروشتی گەلی کورد و خەڵکی کوردستانە، دەمانەوێت لە وڵاتی خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین. لەبارەی مانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانەی لەداعش پاکیان کردووەتەوە ناوبراو گوتی: هەر شوێنێک بڕیاری سیاسیی لەبارەوە هەبێت بۆ ئەوەی پێشمەرگەی تیادا بمێنێتەوە، پێشمەرگە لەو شوێنانە دەمێنێتەوە، ئێمە وا پەروەردە کراوین تا کەسێک هێرش نەکاتە سەرمان وڵامی نادەینەوە، کەسێک دوژمنایەتی

ئێمە نەکات وڵامی نادەینەوە. گوتیشی: دەمانەوێت کێشەکان بە بڕایەتی و ئاشتی چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر بە چاوسوورکردنەوە و بە خۆسەپاندن ئیرادەی خۆی بەسەر ئێمەدا بسەپێنێت، ئەوکات پێشمەرگەی کوردستان خۆی و کوردستان لەو هەڕەشانە دەپارێزێت، ئەوەشی بیەوێت هێرش و هەڕەشەمان بکاتە سەر چارەنووسی لە داعش باشتر نابێت.

دەوڵەت و حکوومەت

موحسین دزەیی

زیاتر لە سەدەو نیوێکە کورد هەوڵ دەدات و خەبات دەکا بۆ سەربەخۆیی بۆ ئەوەی وەکو نەتەوەکانی تری دونیا ئەویش ئازاد و سەربەخۆیی وە چیتر ژێر دەستی ئەم و ئەو نەبێ، لەو ڕێگەیەشش هەزاران قوربانی داوە تۆشی هەزاران دەرد و مەینەتی و ماڵ وێرانی بووە پاش ئەو هەموو ساڵەی دەردەسەری ئێستا هەڵێک هاتۆتە پێش بۆ ئەوەی خەونە دێرینەکەمان ببێتە ڕاستی ئەویش ئەو گشتپرسیەیە بۆ سەربەخۆیی کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥یە.

ئەگەر ورد بینەوە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی هەر حزبێکی کوردی دەبینی هەدەفی سەرەکی ئەو حیزبەیان یەکێ لە ئەهدافە سەرەکیەکانی سەربەخۆیی کوردستانە هەر تاکێکی کورد کە کوردایەتی دەکات و سیاسەت دەکا سەربەخۆیی کوردستان ئامانجیەتی.

جا چۆن زوبانم بگەڕێ بڵێم نەخێر بۆ سەربەخۆیی چۆن پەنجەم قەڵەم دەگرێ بنووسم نەخێر بۆ سەربەخۆیی چۆن ڕووبەڕووی میللەتەکەم دەبمەوە چ وەڵامی دایکە شەهید و ڕۆڵەکانی بدەمەوە هەندێ کەس دووڵن دەڵێن کەموکورتیمان هەیە منیش لەگەڵ ئەوەم کە کەم و کورتیمان هەیە بەڵام بۆ لە پێش ساڵی ٢٠١٤ هەموو شتێک بەباشی دەڕۆیی هەموو گیروگرفت لەو میژووەوە دەستی پێکرد دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بودجە و مووچەی هەرێمی بڕی شەڕی داعش بەسەرماندا سەپا، نرخی نەوت هاتە خوارەوە دوو ملیۆن ئاوارە هاتنە کوردستان کە هەموو ئەمانە کاری کردە سەر ئابووی کوردستان و بڕێوی خەڵک و قەیرانی ئابووری دروست کرد هەندێک کەس لەو دوودڵانە هێزی ئەو قەیرانە دەگەڕێننەوە بۆ حکوومەت گریمان بەشێکی حکوومەت هێزی دروستبوونی بوە دیارە ئەو دوو دڵە بەرێزانە جیاوازی ناکەن لە نێوان دەوڵەت و حکوومەت دەوڵەتەکەیان هەر دەمێنێ بەڵام حکوومەت دەگۆڕێ دێت و دەڕوا دەوڵەتی عێراق نزیکەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا دامەزراوە عێراق هیچی نەبووە بگرە کەسێکی شایستەش نەبووە کە بیکەن بە مەلیک کەسێکیان لە دەرەوە هێنا کردیان بە مەلیک لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا چەندەها حکوومەت لە عێراق گۆڕاوە هەر یەکە جۆرێ ناو و سیاسەتیان هەبووە بەڵام دەوڵەتی عێراقەکەیان هەر ماوە وڵاتانی عەرەبی کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم سەربەخۆیان وەرگرت زۆربەیان چەند حکوومەتیان گۆڕیوە بەڵام دەوڵەتەکە و کیانەکە هەر ماوە زۆر لە وڵاتانی دراوسێ و ئەفریقیش هەر بەو جۆرە پێش ماوەیەک بەڕێز عارف قوربانی دەوڵەتی شێخ محمودی نەمری باس کردووە لە یەکێ لە نووسینەکانی ڕاستە با دەوڵەتەکە دابمەزرایە دوای ئەوە ئەوانەی دژی حکوومەتەکەی شێخی نەمر بوون لە جیاتی ئەوەی پشتگیری داگیرکەر و دەوڵەتی عێراقی بکەن هەوڵیان بدایا بۆ گۆڕینی حکوومەتەکەی کوردی بەڵام کیان دەوڵەتەکە هەر دەما ئێستاش با وابکەن هەموو کات زۆرینەی خەڵک دەتوانن ئەو حکوومەتەی ئەوانەوێ دابمەزرێنن بەڵام دەوڵەتی کوردستان هەر دەمێنێ لەبەر ئەوە تکام وایە جیاوازی بکەین لە نێوان دەوڵەت و حکوومەت ئەو دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێش جارێکی تر بۆمان ڕێک ناکەوێتەوە با ئیتر کەس دوو دڵ نەبێ ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ هەموو بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بدەین و بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا: بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی ڕیفراندۆمی کوردستان نایاساییە

دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پڕێس کۆنفرانسێکدا دژایەتیی خۆیان بۆ بڕیارەکە دەربڕی. شاخەوان عەبدوڵا لە فراکسیۆنی پارتی ئامانجی بەوە کرد کە پەرلەمانی عێراق هەڵەیەکی گەورەیان کرد، ئەو بڕیارە نایاساییەیان دەرکرد و ئێمە وەکوو کورد هیچ پێیەوەی پابەند نابین. هەروەها گوتی نابێ پرسێکی نیشتمانیی وەکوو ڕیفراندۆم بەبێ وەرگرتنی ڕای فراکسیۆنە کوردستانییەکان بڕیاری لەسەر بدرێت. دووپاتیشی کردەوە کە بڕیارەکەیان بڕیاری پێکهاتەی عەرەب بووە. ڕاشیگەیاند کە ئەوان داوایان کردووە بۆ ئەم پرسە، پەرلەمان لێژنەیەک بۆ گفتوگۆکردن لە هەرێمی کوردستان پێک بهێنن.

هاوکات ئاڵە بانی لە فراکسیۆنی یەکێتی ڕایگەیاند ئێمە تا بۆمان بکرێت دژایەتیی ئەو بڕیارە دەکەین. ئەگەر پێداچوونەوە بە بڕیارەکەیان نەکەن، ئێمە بژاردەی دیکەمان هەیە. لەلایەن خۆیەوە، موسەنا ئەمین ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو ڕایگەیاند تەواوی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە تووندی لەکاتی گفتوگۆ و دەنگدان لەسەر بڕیارەکە، نارەزایییان نیشان دا. ڕێژەی یاسایی تەواو نەبووە و پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەنگیان نەداوە، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی. تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە دەستەی سەرۆکایەتیی عێراق وەڵامی پێشنیازی ئەوانی بۆ دواختستنی گفتوگۆکردن لەسەر بڕیارەکە نەداوەتەوە. دووپاتیشی کردەوە ئەگەر ئەم بڕیارە هەڵنەوەشێتەوە، فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەڵوێستێکی دیکەیان دەبێت.

هاوکات، ئەشواف جاف پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم دا، لەکاتێکدا ئەم بڕیارە نایاساییە و پێشێلی دەستووری عێراقە. تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە بەپێی مادەی 3 و 5 و 46ی پەرلەمانی عێراق، ئەنجوومەنی نوێنەران بۆی نییە لەدژی شەقامی عێراق بجوولێتەوە. گوتیشی: ریفراندۆم بڕیاری خەڵکی کوردستانە و خەڵک بڕیاری داوە.

لەلایەن خۆیەوە، ڕێبوار تەها، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاند کە بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بەنایاسایی دەرچووەو و بەپێی پەیڕەوی

ناوخۆی پەرلەمانی عێراق، دەبووایە لێژنە دروست بکرایە. گوتیشی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق بە سوننە و شیعەوە دژی کوردستان وەستاونەتەوە و ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، تەنیا فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەو بڕیارەیان ڕەت کردووەتەوە.

هاوکات خۆشەوی خەلیل، پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق بە خەبات ـ ی ڕاگەیاند، بڕیارەکە لەسەر پێشنیازی 80 پەرلەمانتاری سوننە و شیعەی عێراق بووە و پێشتر داوایان لێکردوون کە ئەو بڕیارە نەخەنە دەنگدانەوە. گوتیشی سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆبوونەوەکەیان بایکۆت کردووە، تاوەکوو ئەو بڕیارە هەڵنەوەشێنێنەوە، لە بایکۆتکردنی پەرلەمانی عێراق بەردەوام دەبین.